پێرست :　　　　　　　　　　　　　　　　　　　　　　　　　　　　　لاپەڕە


| | |
|---|---|
| بەرەو موکوریان | 3 |
| چوارخشتەکییەکانی حەکیم عومەری خەییام | 56 |
| هەر کوردم | 118 |
| نامرادێک | 119 |
| سوێندێکی گەورە | 120 |
| ئامۆژگاریی هەژار بۆ شێرکۆی کوڕی | 123 |
| من و بولبول | 128 |
| زەماوەند | 130 |
| سەیرانکەر | 133 |
| سەمای دارانە | 134 |
| بەزمی باڵدارانە | 135 |
| بە مراد گەیشتنی بولبول | 137 |
| جوێ بوونەوە | 138 |
| چەند جوانە ! | 139 |
| جێی ئازایان | 141 |
| هێندێك لە پاڵەوانەکانی | 142 |
| گوڵی سەرچڵ | 143 |
| فریودرام | 145 |
| خەیاڵ دەکەن ! | 147 |
| شۆڕش دەکەم | 149 |
| جا نۆرەی بەزمە | 151 |
| لە کوێ و لە کوێ ؟ | 152 |
| چییان لەبەر دایە ! | 154 |
| جل و خشڵی کیژان | 155 |
| چەند جۆر هەڵپەڕکێ | 156 |
| بەزم گێڕان | 157 |
| هەی لەو گۆوەندە | 158 |
| دەبینەوە هاواڵ | 160 |
| شەوێک لە زیندان | 162 |
| تەڵقین بە کوردی | 165 |
| فرمێسکی هەژارێک | 167 |

لەم جەغزە کە شوێنی هاتوچۆی هەموانە
بێ ژێر و سەرە و دوور لە پوان و سوانە
کێ زانی لە کوێوە هاتووە و کێوە دەچێ
هۆزان و نەزان وەک یەکە: سەرگەردانە !

***

هەوساری بە دەس خۆتە خراپە و چاکە
هۆی خۆیەتی هەرکەس گەشە ، یان خەمناکە
بێچارە ترە لە تۆ هەزار جار گەردوون
بەس سووچ و هەڵەت لە سوکری گەردوون ڕاکە

***

چاوم لە لکی هومێدە بۆم دانایە
ئەی خۆزگە کە داش دەهات بەری هەبوایە
زیندانە ژیانم دەرەتان نابینم
ئاڵۆز و گرێ پوچکەیە ئەو هەودایە

***

چاوبەستی فەلەک دەستی بڕیم کوێرانە
خستمیە جەهەندەمێک و ناوی ژیانە
دەردی مە ، ئەگەر نەهاتووان بیزانن
ڕوو ناکەنە ئەم خەیمە شڕەی خەم خانە

گەردوونی چەوێڵ هەر بە چەپی سووڕاوە
هەربۆیە ئەوی ڕاستە تیا داماوە
بڕوانە لە هاواڵەتی شووشە و پیاڵە
خوێن کەوتە نێوانیان و لێو بە لێو چەسپاوە

***

مەیگێڕ وەرە ئەم هۆشە بەکارم نایە
مردن ڕەشەباییێکە ، ژیانم کایە
بۆم تێکە لە گۆزەی مەیەکەت ، هاکا دیت
گۆزێک لە گڵی منیش لەناو کڵ دایە

***

خوێناڵە خەم و دوژمنە ، خۆی لێ لادە !
خۆشی لە کەسێک لێو بە بزە و دڵشادە
مەیگێڕ وەرە هەر ڕەنجێ لە دنیا کێشام
بەر بادە ! دەسا بمگەیە خۆت و بادە

***

کێ ڕەنجی ژیان دەکێشێ ئازایە کوڕە
بارانی لە زیندانی سەدەف دایە ، دوڕە
پیاو بۆ خۆ بمێنێ ماڵی دنیاشی دەبێ
پێوانە هەلێک بەتاڵە زۆر جاری پڕە

